# کارنامەی پڕۆژەی ئینسیکلۆپیدیایەک بە کوردی

ئازاد عەبدولواحید

لەم سەردەمەدا کە ئادەمیزاد هەوڵێکی فەرهادانە دەدات تا ژیانی خۆی تێدا ڕێک بخات، کەم نەتەوە و وڵات هەیە بە ڕۆژی ئەمڕۆکە گەیشتبێ و (ئینسیکلۆپیدیا )یەکی نەبێت، نەتەوەی وا هەیە بەدەیان ئینسکلۆپیدیای بەدەستەوە داوە و بۆ سەرجەمی بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی ئەوان پەلی هاوێشتووە و لە کتێبخانەی نەتەوایەتیاندا جێگەیان بۆ کردوونەتەوە و ڕۆشنبیر و لێتۆژەرەوەکانیان سوودیان لێوەردەگرن. بێگومان سازدان و ئامادەکردنی (ئینسیکلۆپیدیا ) کارێکی هەروا ئاسان نییە و زۆر زەحمەتە بە تاقە کەسێک جێبەجێ بکرێت، لە ڕووی داراییشەوە پێویستی بە بودجەیەکی تایبەتی هەیە، هەروەها پێویستی بە دەستەبەرکردنی ژوورێکی هونەریی تایبەتە، کە نوێترین ئامێری زانستیانە و وێنەگرتن و دەرهێنانی هونەریی تێدا بێت، بێجگە لەوەی پێویستمان بە کتێبخانەیەکی نیشتمانی و نەتەوەیی گەورە هەیە. لێرەشدا مەبەستمان لە بوونی ئەو کتێبخانەیە ئەوەیە: کە بتوانین لە کاتی ئامادەکردنی ئەو ئینسیکلۆپیدیایەدا سوودی لێوەربگرین بۆ وەرگێڕان و لێوەرگرتن و لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی ئەو دیاردە گشتی و بنەڕەتیانە، تا لەبەردەستدابن کە بۆ ڕۆشنبیری هەر میللەتێک پێویستن و بەشێوەیەکی تایبەت و جیاواز لەسەر پەیڕەوکردنی نەخشە و بەرنامەیەک تەواو کرابێ، چونکە بەرهەم هێنان و بەدەستەوەدانی هەموو ئینسیکلۆپیدیا و فەرهەنگ و فەرهەنگێکی زاراوەسازی لێی بێبەش نییە، تەنانەت (ئینسیکلۆپیدیا ) پسپۆڕ و تایبەتەکانیش لەم کارە بە دوورنین. لەپاڵ ئەمەشدا پێویستمان بە سووربوون و بەردەوامی هەیە لە شوێن پێکەوتنی هەر زانیارییەکی نوێ و خوێندنەوە و پڕکردنەوەی کەلێن و کەلەبەرەکانی پێشتر لە هەموو بوارەکاندا دەستمان کەوتبوون.

کەموکورتی لە بواری زانست و زانیاریدا کارێکی پڕ مەترسی و خەوشێکی گەورەیە میللەت بەدەستییەوە دەناڵێنێ، بەڵام لەوە پڕ مەترسیتر و خەوشدارتر ئەوەیە زانست ببێتە واهیمە و واهیمە جێگەی زانست بگرێتەوە. لە هەمان کاتیشدا زانست بشێوێنرێ و ڕووکارەکەی وەربگیرێ. پێم وایە ئەم هەوڵانەی ئەمڕۆکە دەیاندەین ئەگەر سەرەتاییش بن، ئەوە لە نەبوون چاکترن، چونکە دەتوانرێت کەموکورییەکانی ئەم هەوڵانە لە پاشەڕۆژدا پڕ بکرێنەوە. هەروەکو چۆن بەر لەسەدەیەک زیاتر (بطرس البستاني) بۆ دانانی ئینسیکلۆپیدیایەک بۆ عەرەب یەکەم هەوڵی دا. هەروەها لە میسریشدا (محمد فريد وجدي) توانی بەر لە نیوسەدە زیاتر (ئینسیکلۆپیدیای ئیسلامی)دابنێت. یان (الموسوعة العربية الميسرة) کە پێش (٣٠) ساڵ دامودەزگای (فراكلين) لەچاپیاندا. ئەمە بێجگە لەو دەیان

(ئینسیکلۆپیدیا)یەی کە لە لبناندا چاپ کراون و ناوبەناو چاپ دەکرێن. سەرەڕای ئەو هەوڵانەیان بۆ وەرگێڕانی ئینسیکلۆپیدیای بەریتانی و دەیان ئیشی دی.

خوێنەری ئەمڕۆی کورد کە ڕابردووی ڕۆشنبیری کوردی دەهێنێتە بەرچاوی خۆی و لە ئێستاکەی خۆی ورد دەبێتەوە، غەمێکی گەورە دایدەگرێت بۆ ئەو وەچەیەی لە پاشەڕۆژدا جڵەوی ڕۆشنبیری کوردی دەگرنە دەست، چونکە ئەگەر میللەتان هەوڵی ئەوەیان دابێ ئینسیکلۆپیدیایەک دابنێن و تێیدا سەرکەوتوو نەبووبن و خۆیان بۆ هەوڵێکی دی گورج کردبێتەوە، ئەوە لەلای ئێمەدا، جگە لە چەند هەوڵێکی زۆر سەرەتایی(١) و تاکەکەسی، نە لە ڕابردوو نە لە ئێستادا هیچ هەوڵێکی دی نەدراوە، هۆیەکەشی ئەوەیە ئەو هوشیارییە پێویستە هێشتا لەلای ڕۆشنبیری کورد پەیدا نەبووە کە هەست بە پێویستیی بوونی ئەو ئینسیکلۆپیدیایە بکات، چونکە پێویستی وا لە ئینسان دەکات ناچاربێت بەدوای هۆی نەبوونی ئەو بابەتەدا بگەڕێت و هەوڵی چارەسەرکردن و پڕکردنەوەی بۆشاییەکە بدات، بۆیە هەر کاتێ ڕۆشنبیری کورد لە ژیانی ڕۆشنبیری خۆیدا هەستی بە گرنگی و پێویستی پڕکردنەوەی ئەو کەلەبەرە کرد، ئەو کاتە ڕەنگە هەوڵ بدرێت بە هەرەوەزی بیر لە سازدان و دانانی پرۆژەیەکی وا گەورە و پێویست بکرێتەوە، لەسەردەمێکدا کە بەسەردەمی ئینسکلۆپیدیا ناسراوە و جارێ لەلای ئێمەدا بەندوباویشی نییە..!

لەلای ڕۆژئاواییەکان سەردەمی پەیدابوون و بایەخدان بە (ئینسیکلۆپیدیا) پێوەندی بەسەردەمی (ڕۆشنکردنەوە- تنویر)ەوە هەیە، تەنانەت ئەوان لەسەر ئەو باوەڕەدان (ئینسیکلۆپیدیا)کەی (دیدرۆ)ی فەرەنسایی لەگەڵ فیکری (ژان ژاک ڕۆسۆ) و ئەدەبیاتی (ڤۆلتێر) بوونە هۆی دروستکردنی ئەو کەشوهەوا فیکرییە لە بارەی شۆڕشی فەرەنسایان تەقاندەوە، ئێمە ئەمڕۆکە دەتوانین لەو دەرەتانە زۆر و زەوەندەی ڕۆژنامەنووسی کوردیماندا لە جیاتی قسەی بێ سەروبەر، ڕووپێوێ بۆ ئەو مەبەستە تەرخان بکەین، کە بە چاودێری و سەرپەرشتی چەند کەسانێکی پسپۆڕ و لێزان هەیکەلی ئینسیکلۆپیدیایەکی گەورە و فراوان بڵاوبکرێتەوە و بەردەوام پیلە و لێدوانی لە بارەوە بکرێت، تاکو لەوسەر بە پوختەیی بکرێتە کتێبێک. ئەوە ئەگەر لە حاڵەتێکدا چەند کەسانێکی پسپۆڕ و شارەزامان هەبوو لەگەڵ یەکتر تەبابوون بۆ بەرژەوەندی نەتەوە ئەو ئەرکە شارستانییە هەرە پێویستەیان گرتە ئەستۆی خۆیان(٢). کە بەلای منەوە ئەمڕۆکە بوونی ئینسیکلۆپیدیایەکی تێروتەسەل و بێ کەموکوڕی شان بەشانی فەرهەنگێکی (کوردی- کوردی) کە هەموو شێوەزارەکانی زمانی کوردی بگرێتەوە، بۆ پتەوکردنی کۆڵەگە و بنەمایەکانی بوونی نەتەوە، بە گەورەترین پێویستیی ئەم قۆناغە دەزانم.

ڕاستە سازکردنی ئینسیکلۆپیدیایەک لە وڵاتە ئەوروپاییەکاندا پێوەندی بە مانای (ڕێنسانس)ەوە هەیە، چونکە عەقڵی ڕۆژئاوا کەشوهەوایەکی مرۆڤایەتی موتڵەق و ڕەهای ڕەخساندووە، لە هەمان کاتیشدا ئەو (ڕاپەڕین)ە تایبەتمەندی خۆشی هەیە، بۆیە دەکرێ ئێمە چاخی (ڕێنسانس)ی خۆمان هەبێت، کە سوود لە لایەنە موتڵەقەکەی ئەوان وەربگرێت. بەبێ ئەوەی لاسایی لایەنی تایبەتێتی ئەوان بکەینەوە، چونکە دەتوانین ئەو تایبەتێتییە لە ڕاپەڕینی ئەواندا لە دەوروبەر و خسوسیەتی خۆمان و مێژووی نەتەوایەتی خۆماندا بدۆزینەوە.

تۆ تەماشای ڕاپەڕینی ڕۆژئاوا بکە، دەبینی بەروبوومی تێکەڵبوونی گیانی بەگیانی شارستانیەتی خۆیانە لەگەڵ کەلەپووری تێکڕای مرۆڤایەتی، بەڵام ئەوان کە وەردەگرن و ئەستاندنیان هەیە، ئەوە بە هەمان هێزەوە دان و بەخششی خۆشیان هەیە، ئێمەش میللەتێکین نابێ لەو یاسایە بەدەربین، بەڵکو دەبێ وەربگرین و بەخششیشمان هەبێت. ڕۆشنبیری کوردیش لەو سەردەمەدا دەبێ بەپێی (پێویستی) ئیش بکات و بۆ ئەو مەبەستەش دەتوانین چەند ساڵ جارێک بەشێکی ئەو پرۆژەیە بخەینە ڕوو، یان هەر بەش و لایەنێکی ئەو ئینسیکلۆپێدیایە بە شارەزا و پسپۆڕێک بسپێرین کەوا دەست و بردی تێدا بکات، لەو حاڵەتەشدا پارەی زۆریشی تێ ناچێ و خوێنەریش بۆ کڕینەکەی ئەوەندە بارگران نابێت.

بمانەوێت و نەمانەوێت ئێمە وەکو میللەتێک بەهۆی ڕووخانی دەوڵەتی ئیسلامی و زاڵبوونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانلی و لەپاشاندا هاتنی ئیمپریالیستی ڕۆژئاوا، میللەتەکەمان بۆ ماوەی شەش سەدە لە کاروانی پێشکەوتن و شارستانیەتی مرۆڤایەتی دواکەوتووە، بۆیە ڕاپەڕینی نەتەوایەتیمان لە مێژووی هاوچەرخدا لە کۆتایی هاتنی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمەوە دەست پێ دەکات، لێرەوە بوو کەوتینە ناو کەشوهەوایەک کە لەگەڵ ئەوەی لەسەری ڕاهاتبوون

جیابوو، لەپاش ئەوەی دەمەتەقێی نێوان (کەوتن) و (ڕاپەڕین) لە ژیانی فیکری و ماددیماندا درێژەی کێشا. یەکێک لە نیشانە هەرە دیارەکانی ئەو (کەوتنەمان) ئەوەیە: ئێمە نەمانتوانیوە قۆناغی ڕاپەڕین بۆخۆمان دروست بکەین تاکو بەرەو سەردەمی (ڕۆشنکردنەوە-تنویر)ی تێپەڕێنین، کە بەدرێژایی ئەو مێژووە دوور و درێژە لە قۆناغەکەی پێشوومان پێشکەوتووتربێت.

وەکو میللەتێکین لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەوە دواکەوتووین، دەبا لە ڕووی فیکری و ڕۆشنبیرییەوە تەکان بەخۆمان بدەین و بیر لەپێداویستییە ڕۆشنبیرییەکانمان بکەینەوە، کە بەلای منەوە دانانی (ئینسکلۆپیدیا) یەکێکە لە سیمایەکانی ئەو پێشکەوتنە ڕۆشنبیرییە و ئەگەر بێتوو بەکاملّی بەرهەمی بێنین، ئەوە دەتوانین بە ڕاشکاوی بڵێین ئێمە کێشەی دەمەتەقێی نێوان (کەوتن) و (ڕاپەڕینمان) تێپەڕاندووە و کەوتووینەتە خۆمان بۆ کردنەوەی دەرگای چاخی (ڕۆشنکردنەوە). هەرچەندە ڕواڵەتی دواکەوتن و بێ ئومێدی گەمارۆی داوین، چونکە ئێمە هەندێک سەردەممان زیاد لە پێویست درێژەی کێشا، ئەوەش لەبەر بوونی ئەو کۆسپ و تەگەرانەیە کە هاتنە بەردەمی دروستبوونی قۆناغە جۆراوجۆرەکانی (کەوتن) و خەریک بوون و سەرقاڵی بە (ئایدیۆلۆژیا) و باری سەرنجەکانەوە بوو، بەبێ ئەوەی (کەرەستەیەکی سەرەتایی)مان هەبێت بۆ ڕووداو و حەقیقەتەکان، یان ئەو زانیاریانەمان لەلا نەبوو کە بتوانین بەهۆیانەوە (باری سەرنجی) خۆمانی لەسەر بنیاد بنێین، کاتێکیش (ئینسیکلۆپیدیا)ی زمانەکانی بێگانە دەرچوون، ڕۆشنبیری کورد کەوتە سوود وەرگرتن لێیان. ئەمەش دیسانەوە بووە هۆی (جێگیر کردنی (زانیاری) و (حەقیقەت) و (جیهانبینی) ئەوان نەک ئێمە، کە بەم کارەش عەقڵی ڕۆشنبیری کورد بە باری سەرنجی خاوەن ئینسیکلۆپیدیایەکانەوە بەسترایەوە، زیاتر لەوەی ئەو ئینسیکلۆپیدیایانە ببنە هاندەرێک بۆ منەوەرانی کورد تاکو سوود لە جێگیرکردن و ڕەگاژۆبوونی زانست و بەرنامەی ئینسیکلۆپیدیایانەی زانیاری وەرگرێ. بۆیەش دەڵێم پێوستمان بە گەیشتنە بە قۆناغی (ڕۆشنکردنەوە) یان ئەلف و بێی (ڕۆشنکردنەوەی) نوێ، تاکو بتوانین عەقڵ و ویژدانی ئینسانی کورد لە خڵتەی ئەو (ئایدۆلۆژیایانە) ڕزگار بکەین کە جلوبەرگی زانستیان پۆشیوە، لەکاتێکدا زۆر لە ناوەڕۆک و حەقیقەتەکانی زانست دوورن.

عەقڵی ئینسانی کورد لەمڕۆکەدا بەر لە هەموو شتێک پێویستی بە (زانیاری) هەیە، پێویستی بە ڕووداوی زانستییانەی مەوزوعی هەیە، پێش ئەوەی هیچ جۆرە ڕایەک لە بارەی هیچ بابەتێکەوە پێکەوە بنێ، دەبێت زانیاری تەواوی لەبارەی ئەو بابەتەوە هەبێت. ئامانجیش لەو هەنگاوە ئەوەیە (زانیاری) بگاتە زۆرترین و فراوانترین خوێنەری کورد. ئایا دەکرێت ڕایەک، یان شیکردنەوەی دیاردەیەک، یان تیۆرێک هەبێ، بەبێ ئەوەی پشت بەو ڕووداو و حەقیقەتە سەرەتاییانە ببەستین کەوا زانست چەسپاندوونی..؟ بۆ نموونە: دابەشکردنی ئینسان بۆ گیان و جەستە، یان بۆ ڕابردوو ئێستا و داهاتوو هەمووی ئیجتیهاد کردنە، کە وێنەیەکی زانستییانەی وردمان بەدەستەوە نادات تاکو لەگەڵ دەستکەوتەکانی زانست یەک بگرێتەوە. لەولاش جیاوازی زۆر هەیە لەنێوان ئەو تیۆر و لێکدانەوەیەی پشت بە حەقیقەتە زانستییەکان دەبەستێت، لەگەڵ ئەو تیۆر و لێکدانەوەیەی پشت بە ئاوات و خواست دەبەستێ، بۆیە زانینی ڕووداو و حەقیقەتەکان لە دواجاردا بەرەو دامەزراندنی تیۆری کۆمەڵایەتی ڕاستەقینە و زانستیانەمان دەبات. کۆنەکان وایان دەزانی (زەوی) سەنتەری گەردوونە، هەندێ جاریش خۆی گەردوونە (کون)، بۆیە وەستاوە و ناجووڵێتەوە، پاشان کە زانست هات ئەو بۆچوونانەی دایە دواوە و هەمووی سەرنخوون کردەوە. ئێمە ئەوەی کە بەسەرمانەوەیە و دەیبینین ناومان ناوە (ئاسمان)، بەڵام ئەوەی لەسەر ڕووی مانگە، زەوی لەسەرووی خۆیەوە دەبینێ.

تاقیکردنەوەی میللەتانیش لەو بوارەدا هەر ئەوەیە کە ئەوانیش پشتیان بە ئینسیکلۆپیدیای میللەتە پێشکەوتووەکان بەستووە، بەڵام ئەو میللەتانە بەپێی پێویست و بارودۆخی میللەتەکەی خۆیان هەڵیان گێڕاوەتەوە. بۆ ئەو مەبەستەش دەتوانرێت سوود لە هەموو (ئینسیکلۆپیدیایەکان) وەربگرین، لەوانەش (ئینسیکلۆپیدیا)ی (میشیل بیزلی) کە ئینسیکلۆپیدیایەکی بەنێوبانگە و پڕە لە وێنەی ڕەنگاو ڕەنگ(٣)، بەڵام هەرگیز ناکرێ و نابێ ئەو ئینسیکلۆپیدیایانە یەکسەر وەربگیرێن، بەڵکو پێویستە تەنیا لایەنی کەرەستە زانستییەکە وەکو خۆی بهێڵرێتەوە، چونکە بیروڕا و بۆچوونی جیاواز لە لێکدانەوە و شیکردنەوەی (مێژوو) و (کۆمەڵ) و (شارستانیەت) هەیە، کە ئەم لایەنانە پێویستە

دەستکاری بکرێن و ئێمەش بۆچوونی خۆمان بەرامبەریان هەبێت.. بۆ نموونە: مەسەلەی ژن و ژن هێنان لای ئەوروپاییەکان لەسەر بنەڕەتی پێوەندی (سێکس) دەوەستێ کە پێش ژن هێنان دەکەوێت، کە ئەمە تیۆرێکی (کەونی) نییە، بەڵکو تێڕوانینێکی ڕۆژئاواییانەیە بۆ مەسەلەی ژن و ژن هێنان، لەبەر ئەوەی ڕوانینی کۆمەڵگای ئەوروپایی لەسەر ئەو مامەڵەیە بەندە، کە پیاو وەکو کەلوپەلێک خۆی بە ئافرەتەوە دەبەستێتەوە، وەک بڵێی لەماڵدا تەلەفزیۆن، یان ئۆتۆمبێل بێت، بەڵام ئەو کێشەیە لەلای ئێمەدا هەر تەواو جیایە.

لەلای ئێمەدا تا چەند ساڵێک پێش ئێستا بینینی بووکەکەیان لەپیاوەکە قەدەغە دەکرد پێش ئەوەی بیهێنێ، لەبەر ئەوەی بیروڕایان وابوو گوایە ئەو کەسەی هەموو دنیای خۆش بوێت، ئەوە دەشتوانێ ژنەکەی خۆیشی خۆش بوێت. بەختیاری، یان کوێرەوەری لەژن و مێردایەتیدا هیچ پێوەندی بەو جۆرە تیۆرانەوە نییە، بەڵکو پێوەندی بە توانای هەردووکیانەوە هەیە کە چەند دەتوانن زەفەر بە خۆشەویستی ببەن. نەک خۆشەویستی یەکتر بە تەنیا، بەڵکو خۆشەویستی هەموو ئینسانێک، یان هەر بۆ نموونە: مەسەلەی ئاشتیخوازی لە ڕۆمانیادا، یان یاسای ڕۆمانی ئاشتییەکی مرۆڤانەی ڕەها نییە. یان یاسایەکی ڕەهای ئادەمیزاد نییە، چونکە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی لەبەرامبەر یاسای ڕۆمانیدا دانی بەیەکسانی خەڵکەکە دانابوو، بەڵام کێ دەڵێت یاسای ڕۆمانی بریتییە لە یاسای هەموو دنیا..؟ لەوانەیە یاسایەکە یەکسانی لەنێو ڕیزەکانی گەلی ڕۆمانیدا بڵاوکردبێتەوە، بەڵام هەرگیز بڕوای بە یەکسانی نێوان ڕۆمانییەک و کەسانی دیکەوە نییە، چونکە یەکسانی تەواو لەگەڵ هاتنی (مەسیحییەت) سەری هەڵدا.

هەندێک جار بەدەستەوەدانی ڕووداوێک خۆی بۆ خۆی باری سەرنجێکە، لەبەر ئەوەی ئەم ڕوودانە بە تەنیا کەرەستەیەکی خاو نییە، بەڵکو کرداری دۆزینەوەی ئەو دەستکەوتە جێ پەنجەی خۆی بەسەرشێوە و ناوەڕۆکی ئەو ڕووداوەدا بەجێ دەهێڵێ. هەر بۆ وێنە: خڕی گۆی زەوی حەقیقەتێکی زانستییە، یان (ڕووداوێکە)، بەڵام دیسانەوە ئەمە باری سەرنجێک نییە لە بارەی (گەردوون)ەوە. دووەمیان پەیڕەوکردنی شێوازێکە بۆ ڕێکخستنی ڕووداوەکان، کە لێرەدا داڕشتنی ڕووداوەکە لەسەر شێوەیەکی زنجیرەیی یەک بەدوای یەک، یان لە کۆتاییەوە بیگرێت ڕووداوە زانستییەکە لەوە دووردەخاتەوە کە (حەقیقەتێکی ڕووت) بێ، چونکە ئەم ڕێکخستنە و پشتگوێ خستنی ئەوەکەی دیکەیان دەبێتە باری سەرنج دەربڕین نەک حەقیقەتە ڕووتەکە. بۆ نموونە: تیۆری (داروین) دەتوانێ ڕووداوەکەی بەشێوەیەک ڕیز بکەی کە بەرەو (بڕواهێنان)ی ببەیت هەروەکو ژەنراڵ (سمتس) لە لێکۆڵینەوە ڕۆحییەکانیدا کردوویەتی، هەروەها دەتوانرێت هەر ئەو ڕووداوانە بەشێوازێک ڕیزبکرێن کە ببێتە پاساودان و بڕوبیانوو هێنانەوە بۆ کێشە و ململانێ لە پێناوی (مانەوە) و (مانەوە بۆ بەهێزتر). تەنانەت (سپنسەر) بونیادی سەرمایەداریانەی کۆمەڵی پێ پاساوداو پینەوپەڕۆی پێکرد، پاشان (نیچە) کردی بە چەکێک بۆ جێگیرکردنی بیری (سوپەرمانییەت)، هەندێکی دی بیری (یۆجینییەت)یان لێوە هەڵێنجا، واتە دەست نیشان کردنی وەچە بە پاککردنەوەی سیفەتە نێگەتیڤەکان و هێشتنەوەی خاوەنی سیفەتە بەهێزەکان و بایەخ پێدانیان، هەروەها توانرا ڕووداوەکانی (داروینییەت) بە ڕێگەی سێیەمیش ڕێک بخرێت کە دەبێتە یەکێک لە بنەما و ڕەگوڕیشەکانی فیکری مارکسییەت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە (ڕووداو) بۆ خۆی زانستێکی سەربەخۆ نییە، ئەوە ئەگەر زانست خۆی لەخۆیدا گوزارشتێکی چینایەتی نەبێت لە کۆمەڵ، کە دۆزینەوە و پەی پێ بردنە زانستییەکان و پراکتیک کردنیان لە پێداویستییەکانی کۆمەڵ و خواست و ئاواتەکانی ئادەمیزاد بە دوور نییە، هەروەک چۆن لە ئامانجی چین و توێژە جۆراوجۆرەکان و هۆیەکانی بەرهەم هێنانیان بە دوور نەبووە.

لە دانانی (ئینسیکلۆپیدیا)دا پێویستمان بە وەرگێڕان و وەرگرتنی ئەو ڕووداوەیە کە لەگەڵ زانست یەکدەگرێتەوە، بەڵام لایەنی شیکردنەوە و تەفسیرکردن پێویستی بە دەستکاری کردن و دەست تێوەردانە. هەر بۆ نموونە سەردەمی ڕۆمانی، سەردەمی ستەمی جیهانی بوو، کەچی (ڤرجیل)ی شاعیر ستایشی ئەو ڕژێمەی دەکرد، لەم حاڵەتەدا ناکرێ ئێمە بێین و ئەمڕۆکە بە نەوەکانی خۆمان بڵێین (ڤرجیل) شاعیرێکی مەزن و بلیمەت بوو، بەڵکو پێی دەڵێین شاعیرێکە لە بارەی (دادپەروەری) گوزارشتی لە ڕوانینی ڕۆمانییەکان کردووە، شیعرەکانیشی زۆر پڕۆپاگەندەی سیاسی نزمی گرتۆتە خۆی، کە پێویستە لەلای ئێمەدا بکرێن بە ڕووداوی زانستی، بەڵام کە وەکو خۆی گوێزامانەوە، ئەوە ئەوکاتە وەکو ئەوە وایە پشتگیری لە (باری سەرنجێ) بکەین

لەجیاتی ئەوەی پشت بە ڕووداوی زانستی ببەستین، تەماشاکەن (مێژوونووسێک!) لە باکووری ئەفریقیاوە چ شەکرێکی شکاندووە: [ئەگەر کۆشش و تەقەللای لەشکری ڕۆمانیمان هەڵسەنگاند لە هەنگاونانیدا بۆ ناو ناوچە جیاجیاکانی ئیمپراتۆرییەت و لە بواری پێشکەوتنی ژیار و شارستانیەت، ئەوە دەبینین ئەو گۆڕەپانەیە، کەوا ئەو لەشکرە گەورەترین دەستکەوتی تێدا هێناوەتە دی. ئەوە بوو ناوچەیەک لەناوچە هەرە دواکەوتووەکانی کردە ویلایەتێک لەویلایەتە پێشکەوتوو و دەوڵەمەند و خاوەن ژیار و شارستانیەت. ئەو گۆڕانکاریانە کە ئەفریقیای گرتەوە، دانیشتووانی ئەو ئەشکەوتانە بوون کە وەکو شەمشەمە کوێرە دەقیرێن و خاکی ئەو تیرانە بوون کە خواردنی سەرەکییان کوللەی وشک کراوی کوتراو بوو، کە زەوییەکانیان کرد بەخاکێکی ئاوەدان بە شارو گوند و کێڵگەی جوان جوان، هەموو ئەو گۆڕانکارییانەش دەستکردی فیرقەی ئۆگستۆسی سێیەمە کە ئەو کۆمەڵە سەربازە ڕاستگۆیە سەرەڕای ئەوە یاسا و پێڕەویان بۆ ئەو ناوچانەی ئەفریقیا بردووە کە دانیشتوانی لێ نیشتەجێیە..] وەکو دەبینین مێژوونووس هەیە تا ئەو ڕادەیە کەوتۆتە ژێر کاریگەری تیۆرەکانی ڕۆژئاوا، کە وەکو دەبینین ئەو قسانە هیچ پێوەندییەکی ئەوتۆیان بە زانستەوە نییە.. لێرەدا قەت مەبەستمان ئەوە نییە لە نیشتمانپەروەری و ئیمپریالیزم بدوێین، بەڵکو پێ لەسەر حەقیقەتە زانستییەکان دادەگرین لە دژی ئەو تیۆر و قسە و باسانەی دەبنە پاڵپشت بۆ پاساودانی زاڵبوونی (ڕۆمانیا) کە هەرگیز ناکرێت ئەوانەی بە ئیشی ئینسیکلۆپیدیاوە خەریکن گوێ لەو بڕوبیانوانە بگرن بەبێ بوونی پاڵپشتێکی زانستی. ئەوەتا (ڤرجیل) دەڵێ: [خەڵکی لەوانەیە لەتواندنەوەی برۆنز لە ئێمە سەرکەوتووتربن، تاکو نەرمی بکەن وەکو نەرمی هەناسە، یان لە مەڕمەڕ گیانی ژیانێکی ئارام بنەخشێنن، یان لەلایەنی ڕەوانبێژییەوە دەسەڵاتداربن، یان فێری ئەوە بووبن چۆن ڕێگاکانی ئاسمان بپێون و دەرکەوتنی ئەستێرەکان شارەزابن، بەڵام ڕۆمانی بیت و فەرمانڕەوایی گەلان بکەیت و بە دادپەروەری یاسا بنچینەییەکانی ئاشتی جێگیربکەیت، خەونی زۆرداران تێک و پێک دەیت، ستەمی ستەمکاران لابەریت، ئەوە ئێمەین هەتا هەتایە]. وەکو دیارە (ڤرجیل) لێرەدا بۆمانی شیناکاتەوە بۆچی (مافی) ڕۆمانیانە فەرمانڕەوایی گەلانی تر بکات و ئەو مافەش ببێتە مافێکی هەمیشەیی، وەک بڵێی ئەوە مافێکی خودایی بێت و گەلی ڕۆمانیا، گەلی هەڵبژاردەی خودابن و (زۆرداران) دەبنە شۆڕشگێڕی وڵاتە داگیرکراوەکە، کە (ستەم لێکراوەکان)یش دەبنە داگیرکەرە ڕۆمانییەکان، ئەوە باشتر دەتوانین لە شیعری (ڤرجیل) تێبگەین، بۆیە دەڵێین دەبێت بەشێوەیەکی جیاواز لەوەی کە لە کەلەپووری ڕۆمانیدا تۆمار کراوە، پێشکەشی منداڵەکانمانی بکەین. لێرەدا دەپرسین: ئەو لیژنەیەی پێک دێت بۆ دەرکردنی ئینسیکلۆپیدیایەک بە کوردی، پێوستە چ ئینسیکلۆپیدیایەک هەڵبژێرن تاکو پشتی پێ ببەستن..؟

لە ڕاستیدا لە ئەنجامدانی کارێکی وا گرنگ پێویستە ئێمە کە لە سەرەتاین بە زۆری پشت بەوێنە ببەستین، چونکە لەمڕۆکەدا وای لێ هاتووە مەعریفەت بریتی بێت لە وێنەی ڕەنگاوڕەنگ، لەکاتێکدا شارستانیەتەکە خۆی بووە بە شارستانیەتی وێنە، لە جیاتی ئەوەی شارستانیەتی وشە بێت.. لەم حاڵەتەشدا وێنەکە هیچی لە وشە کەمتر نییە. لە ڕۆژئاوادا وا بۆ چەند ساڵێک دەڕوات خەریکە ئەم بیرۆکەیە جێی خۆی دەکاتەوە و کاری پێ دەکەن. جەستەی مرۆڤ، یان بەرزی و نزمییەکانی زەوی هیچ ڕێگایەک بۆ ڕاڤەکردنیان نییە بە وێنە نەبێت. لە جیهانی چاپەمەنی کوردیدا (ڕەنگاو ڕەنگ) زۆرتر لە پۆستەرەکاندا دەبینرێ، کتێبی ڕەنگاوڕەنگ تائێستا لە ڕیزی نەبووندایە. لەو پێشەنگانەی لە سەرەتاوە لەناو ڕۆژئاواییەکاندا لە بواری وێنەی ڕەنگاوڕەنگدا سەرکەوتنیان بە دەست هێناوە (میشێل بیزلی)یە کە ئینسیکلۆپیدیایەکەی (٦٠٪)ی وێنەی ڕەنگاوڕەنگە، کە یەک بابەتی ئەو ئینسیکلۆپیدیایە دوو لاپەڕەی بەرامبەر بە یەکتر داگیر دەکات، چونکە سەرەڕای دەقە گشتییەکە وێنەش زانیاری نوێ ڕادەگەیەنێ، ئێمە لە ڕۆژهەڵاتدا زیاتر پێویستمان بە (هۆیەکانی ڕوون کردنەوە) هەیە وەک لە ڕۆژئاوا، لە (بریتانیا و ئەمریکا)دا تائێستاش هەر بایەخ بە (دەق و وتە) دەدرێت و وێنە پشتگوێ دەخەن، چونکە ئینسیکلۆپیدیایەکان تایبەتە بە پسپۆڕەکان. ئەوەی (میشیل بیزلی) لە کتێبی منداڵان دەکات، چونکە ئەو ئینسیکلۆپیدیایانە زیاتر ئاراستەی خوێنەری گشتی کراوە، نەک بە تەنیا ئاراستەی پسپۆڕەکان کرابێت، ئێمە وەک دەزانین پسپۆڕان چەند پلەیەکیان هەیە، کە مامۆستای زانستگەیان تێدایە تاکو دەگاتە

لێتوێژەرەوەکان. ئەوانەش هەمیشە دەقە ئەسڵییەکە دەخوێننەوە و پێویستییان بە وەرگێڕدراوەکان نییە، چونکە لە زۆر لەو ئینسیکلۆپیدیایانە دڵنیانین و پشتیان پێ نابەستن. گیروگرفتەکە لەوەدایە ئەو خوێنەرە پسپۆڕانە جاری وا هەیە بەبێ ئەوەی بە خۆیان زانیبێ دەکەونە نێو تەڵە و داوی کارتێکردنی بیروبۆچوون و تێڕوانینەکانی ڕۆژئاوا، بەتایبەتی بیروڕای ئەوتۆ کە پێویست ناکات بکەونە ژێر کارتێکردنیانەوە، بۆیە بەلای منەوە ئەگەر نەشمان توانی لا لە ئینسیکلۆپیدیایەکی وێنەدار بکەینەوە، ئەوە خەریکی ئینسیکلۆپیدیایەک بین کەوا لێتوێژەرەوەی کورد زیاتر پێویستی پێی هەیە، لەبەر ئەوەی ئێمە لەو باوەڕەداین کەوا گۆڕانی بەشێکی زۆری نەوەی پێش ئێستا بە نیمچە مەحاڵێک دەزانین، کە تەنانەت ئەوانە خەریکە ئەستێرەیان دەکشێ، بۆیە پێویستە لە دانانی ئەو جۆرە پرۆژانەدا بیر لە نەوەی ئێستا و داهاتوو بکرێتەوە، بۆیەش وا دەڵێم چونکە ناکرێ و ناتوانین پشتێک (جیل) ک زۆریان سەریان لە گوێ قەبرا دەلەرزێ، بەشەو و ڕۆژێ بگۆڕین، بەڵکو پێویستە لەو ئینسیکلۆپیدیایانەدا بایەخ بەوە بدرێت کەوا زانیارییەکی پەتی و ڕووت بگەیەنێتە سەرجەمی خەڵک و ئەو زانیاری و حەقیقەتانە بکەوێتە بەردەستیان، هەروەک چۆن حەزیش دەکەین ئەو زانیاریانە لە دواڕۆژدا بچنە ناو بەرنامەی خوێندنی قوتابخانەکانەوە، تاکو زەمینەیان بۆ بڕەخسێت لە داهاتوودا لێتوێژەرەوەی نوێ پەیدا بن.

لە هەموو دنیادا دروستکردن و سازدانی ئینسیکلۆپیدیا وادەستی پێ کردووە کە لەسەرەتاوە مافی بڵاوکردنەوەکەی کڕاوە، کە ئەوە جارێ بۆ ئێمە نەبووە بەنەریت، دامودەزگایەکی بڵاوکردنەوەی گەورەمان هەبێت و مافی بڵاوکردنەوەی کتێبمان لێ بکڕێت، چ جای لیژنەیەک لە چەند بوارێکی جیاجیا پێکبهێنێ، تاکو دەقەکانی ناو ئینسیکلۆپیدیاکە بپشکنن و لێی وردببنەوە، کە پێویستە ئەوانەش ئەو پسپۆڕ و شارەزایانەبن، ئەو زمانانە بزانن کە لێی وەردەگێڕن، تاکو ئەو دەقانە وەربگێڕن و ئەو حەقیقەتانەی پێویستن بهێڵرێنەوە، ئەوەکەی تریش کە (لێکدانەوە و تاووتوو) کردنە لاببرێن، بە تایبەتی ئەوەی کە لەگەڵ تێڕوانین و جیهانبینی خۆمان ناگونجێ، پاشان ئەوەی وێنەیە بکرێتەوە بە فیلم و وەکو خۆی دابنرێتەوە و ئەوەش کە بۆ خوێنەری کورد پێویست بێت، دەخرێتە سەر ئەو دەقانەی کە وەریان دەگرین، خۆ ئەگەر وێنەی وای تێدا بوو لەگەڵ تێڕوانین و بارودۆخی خۆمان نەگونجێ، ئەوە بە هەمان شێوە لایان دەبەین. هەر بۆنموونە قۆناغی (هەرزەکاری) لەلای خۆمان لەگەڵ قۆناغی هەرزەکاری لای ڕۆژئاواییەکان جیاوازیان هەیە، بۆیە لە بارەی ئەو مەسەلەیەوە دەقە نووسراوەکە و وێنەکە لادەبەین، تەنیا ئەوەی لە باسی ئەمریکاو ئەورووپا دێنە پێشێ دەهێڵرێنەوە، ئینجا وێنە و گوتەی تایبەت لە بارەی (هەرزەکارییەوە) لەلای خۆمان دەنووسین، نووسینەکە لە پاش وەرگێڕان و بە کوردیکردن و بژارکردنی لە هەڵە، بە چاپکراوی دەدرێت بە بەشی هونەری، تاکو ئەوان لەلای خۆیانەوە بەکاغەزەوەی دەنووسێن و لەپاش نەخشەسازی و پێداچوونەوەیەکی تر دەنێردرێتە چاپخانە. هەندێک جار ئەو بابەتە زیاد و کەم دەکات، لەوکاتەدا (بەڕێوەبەری هونەری) داوای ئەو زیادو کەم کردنەوەیە دەکات، ئیشی لیژنەکەش بریتییە لە ئامادەکردنی ئەو بابەتانەی پێویستن و ئەوساکە دەدرێنە سەرنووسەر، ئەویش بەپێی پێویست چی بوێت داوای دەکات. هەر ئینسیکلۆپیدیایەک کە پشت بە ئینسیکلۆپیدیای ئەسڵ دەبەستێ لە وەرگرتنی وێنە ڕەنگاو ڕەنگەکانەوە، ئەوە پێویستە ئەو فیلمە ئامادەکراوانە بە قەوارەی گونجاو دابنێین، نەک بەو شێوەیەی کە لە ئینسکلۆپیدیا بێگانەکەدا هەیە، تا ئەگەر لە (٨٠٪) لەوەی ئەوان بچێت هەر باشە. با لاپەڕەی زیاتریشی بووێت، چونکە (وێنە) بۆ ئێمە زۆر پێویستە تاکو لە قسەی زۆر و گوتن بە دوور بین. بەرلەوەش پێویستمان بەوە هەیە کە:

(١) لە گیروگرفتی زمان و ڕێنووس و زاراوەسازی خۆمان بکۆڵینەوە و کارنامەیەک بۆ ئەو لایەنە سازبدەین، ئەمڕۆکە زمانێکی زیندووی وەکو زمانی ئینگلیزی، وشەکانی کە بەکاری دەهێنن گەیشتووەتە هەشت ملیۆن وشەی بەکارهێنراو، زمانی کوردیش زمانێکە تا بڵێی دەوڵەمەندە، بەڵام وشە بەکارهێنراوەکانی ناگاتە چارەکی ئەو فەرهەنگە، بۆیە پێویستمان بە فەرهەنگێکی فراوانی [کوردی-کوردی] هەیە تازووە بێتە بەرهەم، تەنانەت پێویستە پێش ئینسیکلۆپیدیایەکە بکەوێت.

(٢) یەک لەو لایەنە گرنگانەی دی کە لە ئینسیکلۆپیدیادا پێویستە (سەرژمێر - احصاء)ە، کە هەموو بوارەکانی ژیانمان بە زمانی ژمارە لەبەردەستدا بێت.

(٣) بایەخدان بە زانیاری و جۆری زانیارییەکە، بۆ

نموونە (سێکس) لە ڕۆژئاوادا دەخوێندرێت، بەڵام لە وڵاتی ئێمە بڤە و تابۆیە، تەنانەت بڵاوکردنەوەی وێنەی ئەندامانی زاووزێ کارێکی نەشیاوە و جایز نییە، لە کاتێکدا وێنەکە تەشریح کردنێکی زانستیانەی ئەندامەکانی زاووزێی مرۆڤە.

(٤) ڕەچاوکردنی ئاستی ئەو زانیارییەی دەخرێتە ڕوو، خۆی بۆ خۆی گیروگرفتێکە، چونکە لە ئینسیکلۆپیدیای ڕۆژئاواییدا پسپۆڕان پشت بە باگراوەندی ڕۆشنبیری خوێنەرەکانیان دەبەستن، کە خوێنەری کورد ئەو باگراوەندی نییە.

پێویستە ئەوانەی بە کاری ئینسیکلۆپیدیاوە خەریکن دەست بخەنە ناو زۆر لایەنی ئینسیکلۆپیدیاییەکەی ئەوان کە لێیانەوە وەردەگیرێ، یان ڕوونکردنەوەی زیاتر بدەینە دەست و (لێکدانەوە و ڕاڤە)ش بخەینە دووتوێی کارەکەیانەوە، یان زانیارییە بیانییەکە هاووێنە و هاوتاکەی لەناو کورد چییە. ئەوە لە شوێنەکەی دابنرێت، لەناو ڕۆژئاوادا یەکێتییەکی تەواوی ڕۆشنبیری و بەرنامەییان هەیە کە زەمینەی بۆ ڕەخساندوون باش لە یەکتر تێبگەن، بەڵام ئێمە هێشتاکە هیچمان نییە، بۆیە لەناو شەپۆلی تەوژمە ڕۆشنبیرییە جۆراوجۆرەکانەوە دێین و دەچین، ئەمە لەلایەک لەلایەکی دیکەوە ڕۆشنبیری ڕۆژئاوا کە باسی جیهانی سێیەم یان جیهانی وڵاتە دواکەوتووەکان دەکات، ئەوە بەو شێوەیە لێیدەدوێت کە لە ڕووی (چەندێتی و چۆنیەتی)یەوە جیاوازە لەو شێوازەی باسی ئەمریکا و ئەوروپای پێدەکات، ئینسانی ڕۆژئاوا لەسەر ئاستێکدا (نەک هەموو ئاستەکاندا) هەر خۆی پێ (ئینسانە) کە توانای داهێنانی هەیە، ئەو وڵاتانەی وەکو خۆمانن بە بەشێکی بێ بایەخی بچووک- زۆر بچووک- لە جیهان دەزانن، کە ئەو تێڕوانینەیان جیایە لەو تێڕوانینەی ئەوان لە بارەی خۆیانەوە هەیانە، لەبەر ئەوە پێویستە لیژنە بەدیلی ئەو بۆچوونانە بخاتە ڕوو، ئەوەی درێژە پێدانە لە بارەی ئەوروپاوە لای بیات کە بۆ خوێنەری لای خۆمان ئەو گرنگی و سوودەی نییە، لەجیاتی ئەوە لەبابەت وڵاتی خۆمانەوە زانیاری بنووسین، کە بەلای ئەو خوێنەرەوە پێویست و گرنگ بێت، واتە لە ڕووی هەڵبژاردنی ڕووداو و زانیاری و حەقیقەتەکانەوە سەنگینییەکی هەبێت و سوود لەو ڕووداوانە وەربگرێت کە ئینسیکلۆپیدیای بێگانە دەیگرێتە خۆی و ئەو زانیاریانەی دەخەینە سەر کە نەیگرتووەتە خۆیەوە، لەمەشدا زۆر پێویستە بەپێی باری تێڕوانینێکی کوردانە و جیهانبینییەکی کوردانەوە بنووسرێت و هەندێ زانیاری دابڕێژرێت.

هەندێ جار چەند باری سەرنجێک بۆ هەندێ کێشە هەیە، نەک یەک باری تێڕوانین و سەرنج، بۆیە ئەوانەی بە ئیشی ئینسیکلۆپیدیاوە خەریکن، نابێت لایەنگیری خۆیان بۆ یەکێک لەو باری سەرنجانەوە نیشان بدەن، بەڵکو هەردوو، یان هەر سێ باری سەرنج وەکو خۆیان بخرێنە ڕوو، بۆ نموونە لە کێشەی (نوێبوونەوە)ی شیعری کوردیدا چەند بیروڕایەک هەیە، دەبێ بە کورتی ئەو بیروڕایانە وەربگرین و بەپێی بۆچوونێکی زانستی، نەک سیاسی، یان ئیقلیمی، یان شتی دی لێی بدوێین، یان چەند بیروڕا لە بارەی هەر تەوژمێکی فیکری و ڕۆشنبیری هەیە، زانیارییەکان وەکو خۆیان دادەنێین و بەپێی قسەی هەر قوتابخانەیەک و هەر تەوژمێک و بەبێ هیچ دەست تێوەردانێک لەلایەن ئەو کەسانەوە، با ئەو تەوژمە فیکری و ڕۆشنبیرییانە پڕیش بن لە ناکۆکی و دژایەتی (تناقض) دەستکاری ناکرێن، چونکە ئینسیکلۆپیدیا بۆ ڕێنماییکردن نییە، بەڵکو بۆ ڕێگا ڕووناک کردنەوەیە، هەر بوونی ئینسیکلۆپیدیاش واتە گوێزانەوەمان بەرەو چاخی (ڕۆشنکردنەوە- تنویر) هەر ئەم ئەرکە پیرۆز و شارستانی و نەتەوەییە پێویستی بە ئیشکردن و تەقەللا و شەونخوونی هەیە، پێویستی بە سەرکێشی و موغامەرەکردن هەیە، تاکو ڕووبکەینە خوێندەوارەکانمان، بەتایبەتی ئەوانەی تامەزرۆی فێربوون و مەعریفەتن، چونکە ئەو ئینسیکلۆپیدیایە (ئەگەر وێنەداربێت چاکتر) جەنگانە لەگەڵ عەقڵی ئینسانی کورد و لە ناوەوە ڕا خزمەتی دەکات، لەکاتێکدا لە جیهاندا ئینسیکلۆپیدیاکانیان ساڵ بەساڵ زانیاری نوێ دەگرنە خۆیان و گۆڕانیان بەسەردادێت و لە هەموو بوارەکانی زانست و داهاتە نوێیەکاندا بەسەر دەکرێنەوە، بێجگە لەوەش هەموو ساڵێک پێویستە بەلایەنی کەمەوە کتێبێک چاپ بکرێت و زانیاری نوێ بگرێتە خۆی تاکو لەبەر دەستدا بێت وەکو تەواوکەرێک بۆ (ئینسیکلۆپیدیا)کە، سەرەڕای ئەوە پێویستە (ئینسیکلۆپیدیا) هەموو پێنج ساڵ جارێک بژار بکرێتەوە و پێیدا بچینەوە و لێی دەرکەین و لێی زیاد بکەین و لەچاپی بدەینەوە، کە ئەوەمان کرد ئەوساکە دەتوانین بەڕاشکاوییەوە بڵێین (نەوەی نوێ) قاچی خستۆتە ناو چاخی ڕۆشنکردنەوەوە، چاخێک کە پێویستە ئەو نەوەیەی ئێمە بیری لێ بکاتەوە و بەو

تۆبەیە گوناهی نەوەکانی ڕابردوو بسڕینەوە تا ئەو گوناهەیان بشواتەوە کە پێش ئێمە هاتن و ڕۆیشتن و ئەو سەردەمانەی کە دەست لەملانی ڕاپەڕین دەبوون بۆ تاوێک و ڕادەچڵەکین، ئەفسووس دەچوونەوە باوەشی تاریکی. بەڕێزان کاری ئینسیکلۆپیدیا هیچ جۆرە پێوەندییەکی بە ئایدۆلۆژیا و بە سیاسەتەوە نییە، تەنیا دەزگایەکی ڕۆشنبیری ئازا، یان خاوەن چاپخانەیەکی ئازاو بەجەرگ، یان کەسانی پارەداری ئازایان دەوێت کە چاپکردنی ئەو ئینسیکلۆپیدیایانە بگرنە ئەستۆی خۆیان...!

**پەراوێزەکان:**

١- مەبەستم لەو چەند هەوڵە:

أ- فەرهەنگی زانیاری (قاموس الاعلام) ئینسیکلۆپیدیای کورد کە عەقیدی خانەنشین (عەبدولقادر بەرزنجی) دایناوە و لە ساڵی (١٩٧١)دا لە چاپخانەی (ڕاپەڕین)ی شاری سلێمانی بەرگی یەکەمی بەچاپ گەیاندووە، ئەم ئینسیکلۆپیدیایە بەپێتی ئەبجەد لەناوداران بە گشتی دواوە، هەرچەندە نووسراوە (بەرگی یەکەم) بەڵام وا بیست و دوو ساڵە بەرگی تری بەدوا دا نەهاتووە.

ب- هەوڵی دووەم لەلایەن نووسەر و ئەندازیار (خوسرەو جاف)ەوە دراوە و بەناوی (دائیرەتولمەعاریف- فەرهەنگی زانیاری و هونەر) لە ساڵی (١٩٨٩)دا بەرگی یەکەمی کەوتۆتە بازاڕەوە، ئەم ئینسیکلۆپیدیایە لە ڕووی چاپەوە زۆر پۆشتە و پەرداخە، لە ناوەڕۆکدا زۆر لە هەوڵی یەکەم تێروتەسەلترە، لەبەرئەوەی لەسەری نووسراوە (بەرگی یەکەم) جارێ خوێنەر ناتوانێ ڕای تەواو لەسەر ئەم ئینسیکلۆپیدیایە پێکەوە بنێ، هیوادارین بە زووترین کات بەرگەکانی دیکەی ئەم هەوڵە ببینین، ئەوسا دەتوانین قسەیەکی لەبارەوە بکەین.

ج- ئینسیکلۆپیدیای کیمیا بەرگی (١) و (٢) جەمال عەبدول و ئینسیکلۆپیدیای مەعدەنەکان و (کەڵە فەرهەنگی) ڕووەکە ئابوورییەکان کە لە لایەن کەمال جەلال غەریب دەرچووە.

٢- مێژوونووسە چینییەکان دەڵێن، چین لەپێش ئەورووپاوە کەوتە دانانی ئینسیکلۆپیدیا، چینییەکان ژمارەیەک ئینسیکلۆپیدیایان هەیە گرنگترینیان ناوی (ینگ لوتاتین)ە کە (٢٢٠٠) نووسەر بەشدارییان کردووە لە دانانیدا و سەرجەمی بەرگەکانی تاکو ساڵی (١٤٠٧)ز گەیشتە (٨٩٢) بەرگ.

٣-لە ئینسیکلۆپیدیا گرنگەکانی جیهان:

أ- ئینسیکلۆپیدیای بەریتانی، کە بەناوبانگترین و کامڵترین ئینسیکلۆپیدیای جیهانییە و چاپی یەکەمی لە کانوونی یەکەمی ساڵی (١٧٦٨)دا دەرچوو، لەسەرەتاوە بەشێوەی نامیلکە و سیپارە دەرچووە و لە (ئەدنبرە) چاپ کرا، بەڵام لە ساڵی (١٧٧١ز) لە سێ بەرگدا دەرچوو، لەدواچاپیشدا بوو بە (٢٤) بەرگ.

ب- ئینسیکلۆپیدیای فەرەنسایی، کە بەیەکێک لە پرۆژە ڕۆشنبیرییە گەورەکان دەژمێردرێت، هزرڤانی فەرەنسایی (دینس دیدرۆ ١٧١٣-١٧٨٤ز) سەرپەشتی کرد، کە بۆ ئەم مەبەستە ژمارەیەک هزرڤان و ئەدیبی ڕاسپارد بۆ نووسینی باس و لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر، لەپێش هەموویانەوە (ڤۆلتێر) و (ڕۆسۆ) بوون. بەرگی یەکەمیشی لە ساڵی (١٧٥١ز) دەرچوو.

ج- ئینسیکلۆپیدیای ئەمریکی، کە گرنگترینیان ئەوەیە کە لەساڵانی (١٨٧٣- ١٨٧٦ز) بەناوی (ئیلتون) دەرچوو کە فراوانترین ئینسیکلۆپیدیای ئەمریکییە و بە چاپێکی جوان و پڕ لە وێنە بڵاوکرایەوە.

د- ئینسیکلۆپیدیای ئەڵمانی، بە ئاسانترین ئینسیکلۆپیدیا دەژمێردرێ کە زۆر بە چاکی ڕێکخراوە و بۆ خوێندنەوە ئاسانە کە بە شەش بەرگ دەرچووە لەنێوان ساڵانی (١٧٩٦- ١٨١٠) و لە (لیبزک) و ئەمستردام) چاپ کراوە کە لە ساڵی (١٩٦٨) دابوو بە پازدە بەرگ و یەکێکە لە ئینسیکلۆپیدیا گرنگەکانی جیهان.

ه- ئینسیکلۆپیدیای ئیتالی، کە بەناوبانگترینیان (بیغاتی) پێ دەڵێن، هەندێ لەمێژوونووسان بە یەکێک لە کۆنترین ئینسیکلۆپیدیای ئەورووپایی لە قەڵەم دەدەن، کە لە ساڵی (١٨٨٤ز)دا چاپ کراوە.

و- لەناو عەرەبەکانیشدا، ئینسیکلۆپیدیای عەرەبی هەیە کە لە ئەنجامی پێداویستی ئەو سەردەمەوە هاتووەتەکایەوە، بۆ ئەوەی بتوانرێت لە ڕێگای ئەم ئینسیکلۆپیدیایەوە کەلەپووری عەرەب بە کەلەپووری شارستانیەتی ڕۆژئاوا ببەستنەوە، کە لە بواری زانست و زانیاری و هونەردا قەڵەمبازی گەورەی نابوو. یەکەم کەسیش کە بیری لە دەرچوونی ئینسیکلۆپیدیایەکی عەرەبی هاوچەرخ کردەوە (بطرس البستاني) بوو کە لە ساڵی (١٨٨٣)دا کۆچی دوایی کرد، کە دەستی پێ کردبوو شەش بەرگیشی لێ تەواو کردبوو، خەریکی تەواوکردنی حەوتەم بەرگی دەبێ کە ئەمری خوا بەجێ

دەهێنێ، بۆیە (سەلیم)ی کوڕی تەواوی دەکات و هەشتەمیش بەدەستەوە دەدات، پاشان چەند کوڕێکی لەگەڵ زاوایەکیاندا کە ناوی (سلێمان)ە بەرگی نۆیەم و دەیەم و یانزەیەم تەواودەکەن. بەرگی یەکەمی ئینسیکلۆپیدیای (البستاني) لە ساڵی (١٨٧٦ز)دا چاپ دەکرێت لە ساڵی (١٩٠٠ز) ئەم پرۆژە پێشەنگە دەوەستێ، تا ئەوە بوو (فوئاد ئەفرام ئەلبستانی) دووبارە کەوتەوە دەرکردنی پرۆژەکە.

* (كنز العلوم و اللغة) کە تەقەللاو کۆششی زانایانەی تاقە کەسێکە کە بە ئازایەتی و ڕەنجی (محمد فريد وجدي) کەوتە ڕوو، لە ئەنجامی هەستکردنی بە پێویستی ئینسیکلۆپیدیایەک، ئەم زانایە لە ساڵی (١٩٥٤)دا مردووە و پرۆژەکەی گەیاندە دە بەرگ و ناوی ناوە (دائرة المعارف).

جگە لەوە (ئینسیکلۆپیدیای ئیسلامی)یش هەیە کە کۆمەڵێک ڕۆژهەڵاتناس دایان ناوە و (محمد ثابت الفندی)یش کردوویەتی بە عەرەبی لەگەڵ (عبدالحميد يونس) و کەسانی تر، تا لە ساڵی (١٩١٣)دا لە هۆڵەندا لە (لیدن) چاپ کرا و لە میسردا ساڵی (١٩٥٧) چاپ کراو شانزە بەرگی لێ دەرچوو، ئەمە و سەرەڕای بوونی چەندان فەرهەنگی زمانی وەکو فەرهەنگی (الوسيط) کە کۆڕی زمانەوانی عەرەبی دەری کردووە.

هەروەها ئینسیکلۆپیدیای سیاسی (د. عبدالوهاب الکیالی)یش هەیە کە بەرگی یەکەمی لە ساڵی (١٩٧٩)دا دەرچوو، هەروەکو باسیشمان کرد (الموسوعة العربية الميسرة)ش هەیە کە گرنگترین ئینسیکلۆپیدیای هاوچەرخە لە ساڵی (١٩٦٥)دا دەرچووە و (محمد شفيق غربال) سەرپەرشتی کردووە، هەروەها ئینسیکلۆپیدیای سەربازی و زۆر ئینسیکلۆپیدیای تریان لە هەموو بوارە جیاجیاکانی پسپۆڕیدا هەیە.

* بۆ زانینی مێژووی سەرهەڵدان و جێگیرکردنی وشەی (ئینسیکلۆپیدیا) و بەناوبانگترین ئینسیکلۆپیدیای جیهان بڕوانە هەردوو وتاری کاک (کەمال جەلال غەریب) کە لە ژمارە (٣٩) و (٤٠)ی گۆڤاری (کاروان)دا لە ساڵی (١٩٨٥)دا بڵاوکراوەتەوە.

لەم ڕۆژانەشدا وەک کتێبێکی سەربەخۆ لەژێر ناوونیشانی (ئینسکلۆپیدیا) چییە؟ کەوتە بازاڕەوە.